زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی ئاداب
بەشی جوگرافیا / قۆناغی دووەم

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ( جوگرافیای لادێ )


مامۆستای بابەت
جێگر حسن محمود

mobile: 0750 4838744
Email:jegr.mohood@su.edu.krd

11- 12- 2020

fppt.com

## ❖ مۆڕفۆلۆجیای لادێ:







# ناوەڕۆکی وانە

- ناساندنی مۆرفۆلۆژیای (شێوەی) نشینگە لاێبییەکان وەك دیاردەیەکی جوگرافی.
- ئەوفاکتەرانەی کەکاردەکەنە سەردابەشبوونی شوێنی و بڵاوبونی نشینگەی لادێیی.

1. فاکتەرە سروشتییەکان.
2. فاکتەرە ئابووریەکان.
3. فاکتەرە کومەڵایەتیەکان.
4. فاکتەری مێژووی .

- شێوەی نشینگەی لادێیی.
- پێکهاتەی نشینگەی لادێیی.
- کەرەستەی بیناکاری.
- پێکهاتەی پیشەیی خانووی لادێیی.
- شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگەلادێییەکان.

✓ وانەی داهاتوو.

# ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە

**یەکەم:** ناساندنی مۆرفۆلۆژیای لادێ (شێوەی نشینگە لادێییەکان).

**دووەم:** ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی شێوەی لادێ و نەخشەی خانوو، وە پێکهاتەی بیناکاری و درێژبوونەوەیان.

**سێیەم:** دەرخستنی گرنگی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان ژینگەی سروشتی و جۆری بەکارهێنانی زەوی و ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو تەرزەی کە نشینگە لادێییەکان دەیگرێتە خۆ.



# شێوەو مۆڕفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان

**مۆڕفۆلۆجیا** :مۆڕفۆلۆلۆجیای لادێ یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە دەتوانرێ بەهۆیەوە شێوازایی ژیانی و ئەو کەرستانەش بزانرێ کەبەکاردێ لە دروستکردنی نشینگەکانیان و ، وەشێوازی هەڵسوو کەوتیان و جلوبەرگ وشێوازی باو.

## زاراوەی مۆرفۆلۆجی:

مۆرفۆلۆجی پێکهاتووە لە دووبڕگە یەکیان ( morpho ) بەواتایی شێوە دێت، بڕگەیی دووەمیان ( loyg ) بەواتایی زانست دێت.

کەوابوو زاراوەیی مۆرفۆلۆجی بەواتایی زانستی شێوە دێ جالە گوندێك یاخود شارێکدا، ئەو زانستە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەشێوە و سیما.

**مۆرفۆلۆجیای لادێ لەچی دەکۆڵێتەوە ؟**



# شێوەو مۆرفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان

**سێ ڕەگەزی گرنگ هەیە بەهەند وەردەگیرێن لە کاتی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجیای لادێ:**

**پلانی لادێ**

١- ڕووبەری خانوو

٢- نەخشەی خانوو

٣- سیستەمی ڕێگاوبان

**پێکهاتەی بیناکاری**

١- ژمارەی نهۆم

٢- کەرەستەی بیناکاری

٣- شێوەی بینا

**بەکارهێنانی زەوی**

١- نیشتەجێبوون


٢- کشتوکاڵ

٣- پیشەسازی و بازرگانی

٤- خزمەتگوزاری

# شێوەو مۆرفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان

## ئەوفاکتەرانەی کەکاردەکەنە سەر دابەشبوونی شوێنی نشینگە لادێیەکان:




دەکری بڵێین کە جۆری دابەشبوون و بڵاوبونی نشینگەی لادێیی جیاوازە لە شوینکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەوەی تربە پێی جیاوازی فاکتەرە پەیوەندارەکان و ڕۆڵیان لە ئاراستەکردن و دیارکردنی شوێنی گوندەکان و دابەشبوونی خانووەکان دەگۆڕێ:

# شێوەو مۆرفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان

## یەکەم :فاکتەرە سروشتییەکان:





ئەم فاکتەرە کاریگەری بە ئاشکرا دیارە بەسەر شێوەی نشینگەی لادێیی و دابەشبوونی, چونکە هەبوونی بەرزاییەك یا زەلکاوێك دەبێتە مایەی دیاریکردنی شێوەی فراوان بوونی گوندەکەو ئاراستەییەکی دیاریکراوی بۆ دەخاتە روو هەروەها هەبوونی رووبارێك یا رێگەیەك زۆربەی جار کۆنترۆڵی ئاراستەی گەشەکردنی دەکات. گوندەچیاییەکان و دوورگەکان, بەوە جیادەکرێتەوە کە درێژبوونەوەیان سنووردارە لە هەموو لایەکەوە بۆیەش پاڵە پەستۆی خستۆتە رووبەرێکی دیاریکراو. بۆیەش پێگەی نشینگە کاریگەریەکی زۆری هەیە بەسەر دیاریکردنی شێوەو جۆری درێژبوونەوەی خانووی دێهاتی, گەر بێت و لە دۆڵێك بنیاتنرا کە چیای زۆر لێژی هەبوو بە شێوەی هێلکاری درێژدەبێتەوە بە ئاراستەی دۆڵەکە. سەرچاوەکانی ئاویش رۆڵی گرینگیان هەیە لە دیاریکردنی کۆکراوەیی و بلاْووە بوونی دێ نشینی بە تایبەتی لە ناوچەی وشك و کەم ئاو کە پێویستی بوون بۆ ئاوو وادەکات کۆببنەووە لە دەوری یەک یان نزیکی.شێوەی درێژبوونەوەی نشینگەکان جیاوازە لە ناوچەکانی ئاوی ژێر زەوی و ئەوانەی پشت بە ئاوی سەر زەوی دەبەستن. هەروەها دیاردەی سروشتی هەیە کە هانی نشینگەی کۆبووەوە لە گوندی گەورە و کەڵەکەبوو نادات و وادەکات دانیشتووانی لە نشینگەی بچووك و دابراو بژین لەوانەش کەمی سەرچاوەکانی ئاوو زۆری زەلکاوەکان و چربوونی دارستانەکان.

# شێوەو مۆرفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان

## یەکەم :فاکتەرە سروشتییەکان:

١- فاکتەرە سروشتیەکان  بەپلەی یەکەم کاریگەری هەیە لەسەر شێوەی  درێژبوونەوەی خانووی لادێی.

٢- کەمی سەرچاوەی ئاوو کەمی زەلکاوەکان و چڕی دارستانەکان دەبنە فاکتەرێک بۆ دروستنەبوونی لادێی گەورە.

٣- ڕووبەری تەختایی کەم و دەشتایی بچووک وادەکەن خانوەکان لە ناوچە چیاییەکان کۆکراوەبن.

٤- زۆرجار فاکتەری ئاسایشی و خۆپاراستن لە ناوچە چیاییەکاندا ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی گوندی فراوان.

٥- سەرچاوەکانی ئاو ڕۆڵیان هەیە لە کۆبوونەوەو بڵاوبوونەوەی خانووی دێ نشینی بەتایبەتی لە ناوچە وشک و نیمچە وشکەکاندا وەک مێرگەکانی بیابان.

٦- ئەو ناچانەی دەوڵەمەندن بە سەرچاوەی ئاو نشینگەکانیان زیاتر مەیلیان بەرەو بڵاوبوونەوەیە.

٧- زۆری ڕووبار و لقەکانیان فاکتەرن بۆ پەیدابوونی خانووی پەرش و بڵاو.






# شێوەو مۆڕفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان

## دووەم :فاکتەرە ئابوریەکان :




سیستەمی کشتوکاڵ کردن و جـۆری بـەرووبوم لـە پـاڵ شـێوازی بـە گەرخسـتنی زەوی و دامـەزراوە کشتوکاڵیەکان, بە شێوەیەکی گەورە پەیوەنـدی بـە جـۆری دابـەش بـوونی خانوەکـان هەیـە هـەروەها کاریگـەری راسـتەوخۆی هەیـە بەسـەر جـۆری دابـەش بـوونی نشـینگە لادێییەکان.گوندەکانیش جیاوازن لە رووی ژمـارەی دانیشـتوانی,بـە پێـی بـوونی بەروبـوومی خۆماڵی و توانای مرۆڤ لەسەر بە کارهێنانی. لەم گوندانەی کەوا ژینگەیەکی کـەم دەرامـەتیان هەیە بەتایبەتی لە پەراوێزی بیابانەکان ژمارەی نشینگەکان زیاتر نیە لە چەند خانویـەك, بەلام ژمارەکە بەرز دەبێتەوە لەو هەرێمانەی کە دەکەوێتە سـەر زەوی کشـتوکاڵی خانوەکـانی زیاتر نزیك دەبن بەهۆی دەورەدانی بە کێڵگەکان کەوا دەکات فراوان بوونی سنور داربێت.

# شێوەو مۆرفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان



## دووەم :فاکتەرە ئابوریەکان:

١- ئەو ژینگانەی کەوا کەمدەرامەتن وەک بیابانەکان گوندەکانیان لە چەند خانوویەک تێنا پەڕێت بەڵام لە ناوچە کشتوکاڵیەکان بە پێچەوانەوە ژمارەکە بەرزدەبێتەوە.

٢- سیستەمی کشتوکاڵ کردن و جۆری بەروبووم :لەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە شێوازی چڕوو پڕ پەیڕەو دەکرێت نشینگەکان تێیاندا لە جۆری کۆبووەو نزیک لە یەکن . وە لە سیستەمی کشتوکالی فراواندا نشینگەکان بە شێوەی بڵاوە بوو دوور لە یەکترن .

٣- کەمی هۆیەکانی گواستنەوە و ئەستەمی پەیوەندی کردنی جوتیار بە کێڵگەکانیەوە وایکردووە لە نزیک کێڵگەکەی نیشتەجێ بێت و خانووی پەرش و بڵاو و تاک پەیدا بێت.

٤- ئەوزەویانەی کەشریتی یان لاکێشەیین یان بوونی ڕێگایەک یان بوونی کەناڵێکی ئاوی وایکردووە خانووی پەرش و بڵاو پەیدا بێت.

٥- لە کۆمەڵگا ناکشتوکاڵیەکانیش ئاراستەی لادێکان بەرەو کۆبووەوەیە ئەمەش بەمەبەستی ئاسانی هەڵسوڕانی پیشەکەیان وەک ڕاوکەرانی ماسی و خواردن کۆکردنەوە، باشترین نموونەش هیندیەسورەکانن بەتایبەتی ئەوانەی باکوری کالیفۆرنیا.

# شێوەو مۆرفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان







## سێیەم: فاکتەرە کومەلایەتیەکان:

فاکتەرە کۆمەلأیەتیەکان رۆلێکی گرینگی هەیە لە دیاری کردنی شێوەی گوندو جۆری درێژ بوونەوەی خانوەکان. زۆر جاریش پەیوەندیە هۆزایەتیەکان وا دەکات گوندی کۆکراوە پەیدا ببێت بۆ وەدەست هێنانی ئارامیو خێرو بێری هاوبەش. کە تا ئێستاکەش کۆماڵە سەرەتایەکان لە ژیانی بەکۆمەڵ دەژین لە سەنتەری جێگیری گەورە, هەروەکو کۆمەڵی ئەل بۆرو لە دۆلی روباری ئەمەزۆن, هیندیە سوورەکان لە باکوری رۆژئاوای ئەمریکای باشورور, کە خانوەکانیان لێك نزیك و بەیەك بەستراون و شێوەی گوندی بەیەکەوە بەستراو پێك دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە پەیوەندیە بەس نیە بۆ کۆکردنەوەی دانیشتوان لە گوندی کۆ کراوەو گەورە. چونکە زۆرجا دابو نەریتی کۆمەلگا بایەخ دارتر دەبێت و جۆری کۆمەلگا جێنشینەکان لەوانەیە درێژ بونەوەیەکی بەستراوە هۆزایەتیەکان بێت.

لەوانەشە رێکخستنی خانوو, خۆشی رەنگ دانەوەیەکی رێکخستنی کۆمەلأیەتی بێت لە رووی شوێنی میوانداری و جۆری ژورەکان یادابەش بوون و قەبارەی خانوو ئەو خزمەتانەی پێشکەشی خێزانەکە دەکات.

# شێوەو مۆرفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان

## سێیەم: فاکتەرە کومەلایەتیەکان:





١- فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دیاریکردنی شێوەی لادێ ودرێژبوونەوەی خانووەکان.

٢- پەیوەندیەهۆزایەتیەکان وادەکات لادێی کۆبووەوە دروست بێت بۆ بەدەستهێنانی ئارامی و بەرژەوەندی هاوبەش.

٣- کۆمەڵە سەرەتاییەکان تاکو ئێستا بە کۆمەڵ دەژین و خانووەکانیان لە نزیک و بەیەکەوە بەستراون و شێوەی لادێی بەیەکەوە بەستراو پێکدەهێنن.

٤- زۆرکات ڕێکخستنی خانوو ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیە لە ڕووی شوێنی میوانداریەتی و جۆری ژوورەکان و دابەشبوون و قەبارەی خانوو.

٥- زۆرکات فاکتەری کۆمەڵایەتی بەهێزترەلەفاکتەری سروشتی لە دیاریکردنی شێوەی گوندو درێژبوونەوەی خانووەکان لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان .

٦- هەستی کۆمەڵایەتی نێوان جوتیاران و ئارەزووی هۆزایەتی فاکتەرە بۆ دروستبوونی لادێی قەبارە گەورە.

٧- لادێ یاخود گوند یەکەیەکی کۆمەڵایەتیە پێش ئەوەی یەکەیەکی نیشتەجێ بێت چونکە:

أ- پەیوەندی هەمەجۆر و بەیەکەوەبەستنی هاوبەش لەنێوان دانیشتوانی دا هەیە.

ب- تەنها لاوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕانی بارودۆخی ئابووری وادەکات ژیانی بەکۆمەڵ لاوازبێت وەگوندەکانیش لە کۆبووەوە بگۆڕێت بۆ پەرش و بڵاو.

ج- شێوازی گۆڕان لە لادێی کۆبووەوە بۆ گوندی پەرش و بڵاو لە ئەورووپا بەتایبەتی لە فەرەنسا و بەریتانیاو ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو سویسراو هەروەها یەکێتی سۆڤیەت و کەنەداو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەریهەڵدا.

د-لەو وڵاتانەی کە باسمانکردن سیستەمی کۆکراوەی گوندەکان بەرەولەناوچوون و سیستەمی کێڵگەی پەرژینکراو شوێنیانی گرتەوە.

ە-ئەم گۆڕانە ڕەهەندێکی دەوری هەبوو لەبەریتانیا چونکە بووە هۆی کۆچکردنی زۆرلەجوتیارەکان و کارکردنیان لە کارگەکاندا بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی پیشەسازی.

# شێوەو مۆرفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان

## چوارەم: فاکتەری مێژووی:

دەکرێ شارەزای کاریگەریە مێژوییەکان بین بەسەر جۆری دابەش بوون و بلاو بوونەوەی نشینگەی لادێیی, ئەمەش لە رێگەی ئەو رووداوانەی کە روو بەرووی ناوچەکە یا هەرێمەکە بۆتەوەو، وە رێگاکانی بەرەنگار بوونەوەی. دانیشتوانی ئەو ناوچانەش خانوەکانیان دوور لە رێگا گشتیەکان و شوێنە کراوەکان بنیات دەنێن لە ترسی هێرشی خەڵکانی تر لە کاتی ئاراميش نشینگەکان بلاو دەبنەوە لە نزیك سەرچاوەکانی ئاو یا لە پاڵ رێگاو بانەکان و هێلەکانی گواستنەوە. کۆمەڵگا جێنشینیەکان لە کاتی نا ئارامی و شێواوی بارو دۆخی نالەباردا پەنا دەبەنە بەر کۆبونەوەو چر بوو نەوە, چونکە پێویستی بوون بە پاراستن و ئاسایش وادەکات دانیشتوان لە گوندی گەورەو چر کۆببنەوە هەرکاتێکیش مەترسی نەماو ئارامی و جێگری هاتەوە ناوچەکە, یەکسەر پەرت دەبنەوە و خانوەکانیان بە شێوەیەکی دوور لەیەك بنیات دەنێن.ئاشکرایە کە بارو دۆخی ناسرووشتی وادەکات پێویستی کەسەکان زیاتر بیَ بۆ پاراستنی هۆزو بایەخ دانی, کە ئەمەش هانی نیشتەجێبوونی کۆکراوە دەدات. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزوی بەرگری کردن بەتەنها پێکهاتەی گوند یا جۆری دابەش بوونی خانوو شی ناکاتەوە, بەڵکو بارودۆخی مێژوی و نەریتە کۆمەلایەتیەکان زۆر جار کار لەسەر کەم کردنەوەی رۆڵی فاکتەرە سروشتیەکان دەکەن لە سیستەمی ئاوەدانی ئێستاکە و جۆری دابەش بوونی. لە زۆرێك لە ولاتانی دەریای ناوەراست گوندەکان لەسەر لێژای گردو چیا دژوارەکان بنیات نراوە لەترسی هێرشی شوان کارەکان و داگیر کەر, لەگەڵ نەمانی مەترسی دانیشتوانی هەرزوو گەرانەوە بۆ بلاوبوونەوە لە دۆڵ و دەشتایە نزمەکان.





# شێوەو مۆرفۆلۆجیای نشینگە لادێیەکان

## چوارەم: فاکتەری مێژووی:

ئەورووداوانەی کەلەمێژوودا ڕووبەڕووی ناوچەو هەرێمەکان بوونەتەوە کاریگەری هەبووە لەسەر جۆری دابەشبوون و بڵاوبوونەوەی خانووی لادێیی چونکە:

١-لەکاتی شەڕوو هێرشەکان دانیشتوانی ئەو ناوچەوهەرێمانە خانووەکانیان دوور لە ڕێگا گشتیەکان و شوێنەکراوەو تەختاییەکان بوونیاد دەنا.

٢- لەکاتی ئارامی و ئاسایش دا نشینگەکان بڵاودەبنەوە لە نزیک سەرچاوەکانی ئاو و ڕێگا وبانەکانی گواستنەوە.

٣- دەتوانین بڵێین لەکاتی شەڕ و شێواوی بارودۆخ دا نشینگەلادێییەکان بەرەو کۆبووەوە چڕبوونەوە دەچێت و لەکاتی نەمانی مەترسی و ئارامیش دا پەرت دەبنەوەو خانووەکانیش بەشێوەی دوور لە یەکتری بنیاد دەنرێت.

٤- باشترین نموونە بۆ ئەوە کە باسمان کرد لە وڵاتانی دەریای ناوەڕاست کە گوندەکانیان لەسەر لێژایی گردە دژوارەکان و چیاکان و لە بناری چیاکان دامەزراندووە.

# شێوەی نشینگە لادێییەکان

## ❖ شێوەی نشینگە لادێییەکان:

نشینگەی لادێیی ڕەنگ دانەوەیەکی راستەقینەی بارو دۆخی ژینگەو کۆمەڵـە, زانراویشـە کـە شـتێکی وەکـو نشینگەی لادێیی لەگەڵ سادەیی شارەزایی تەکنیك و ئەندازەیی بەکارهاتووە تیایدا بەڵام دەرەنجامی شـارەزایی دانیشتوانی لادێییە بـە سرووشتی ژینگەکەی.بۆیەش گونجاو بووە لەگەڵ بارو دۆخی ژینگەکەی و بە پێی پێویستی بوونی .ئەمـەش بـە ئاشـکرا دیارە لەو جیاوازیەی کە هەیە لـە نەخشەسـازی و شـێوەی خـانوو لـە رووی ڕووبـەرو ژمـارەی ژوورەکـانی خـانوو درێـژ بوونەوەی.ئاشکرایە دانیشتوان نشینگە دروست دەکات لە هەرشوێنێك جێگیر بێـت لـەنزیك دراوسـێی و دواتـر گوندەکـە فراوان دەبێ بە زیادبونی قەبارەی دانیشتوانی و پێش کەوتنی چالاکی کشتوکاڵی و بازرگـانی و پیشەسازی. لەگەڵ ئەم فراوان بونەش بۆشایەکانی نێوان خانوەکان کەمتر دەبێتەوە و ڕێگاکانی ڕۆیشتن هەنـدێك جـار ئـەم بوشـاییانە دیـاری دەکات ، یا ئەوەتا درێژ بوونەوەی خانوەکانی لادێیی مەیلی بۆ شێوەی لاکێشەیی یا( جۆری شریتی )هەیە لـەکاتی بـونی ڕووبـارێك یا ڕێگایەکی گواستنەوە. هەروەها گوندی ئەستێرەیی هەیە کـە لەگـەڵ هێڵـەکانی بـەرزی و نزمـی کـەنتۆری لایەکانی درێژ دەبێتەوە, لەبەر ئارەزووکردنی خەڵکەکەی بۆ سود وەرگرتن لە دارستانێك یا لەوەرگایەك. لە پاڵ چاندنی زەوی.

# شێوەی خانووی لادێیی








## ❖شێوەو خانووی لادێیی

١- شێوەی  بازنەیی.

٢- شێوەی چوارگۆشە.

٣- شێوەی لاکێشەیان شریتی.

٤- شێوەی ئەستێرەیی.

٥- شێوەی سێگۆشەیی.

# پێکهاتەی نشینگەی لادێیی

لەگەڵ ئەوەی نەخشەیەکی پێشەکی نیە بۆ بیناکردنی نشینگە لە لادێکاندا بەگشتی ، بەڵام بنچینەیەکی هاوبەش هەیە کە وەک نەریت و بەهاکۆمەڵایەتیەکان ماوەتەوە.

پێکهاتەی نشینگەی لادێیی جیاوازە لە ڕووی:

١- جۆر

٢- ڕووبەر

ئەم جیاوازیەش لە پێکهاتەی نشینگەی لادێیدا دەگەڕێتەوە بۆ:

١- جیاوازی لە قەبارەی خێزان .

٢- جیاوازی لە پێداویستیەکانیان.

٣-جیاوازی لە ئاستی بژێوی.

# پێکهاتەی خانووی لادێیی

- بەگشتی نشینگەی لادێیی ئەم پێکهاتانە لەخۆدەگرێت:

تر- ژووری نووستن

یر-حەوشە

- کۆگا

- دیوەخان( هەندی جار)

- هەیوان

- شوێنی ئاژەڵ




ئەم پێکهاتانەش جیاوازە لەرووی جۆرو رووبەری, بە پێی جیاوازی قەبارەی خێزان و پێداویستیکانی و ئاستی بژێوی.

-ئەندازەی بیناکردنی خانووی دێهاتی پەیوەستە بەشێوەیەکی سەرەکی بە پیشەی خێزانەوە:

واتە ئەگەر خێزانێک پیشەکەی ئاژەڵداری بێت ئەواخانووەکەی گەورەتردەبێت لەوخێزانەی کەوا پیشەکەی کشتوکاڵی ڕووەکی بێت بەڵام ئەگەر خێزانەکە هەردووچالاکی کشتوکاڵی (ڕووەکی - ئاژەڵداری) بەیەکەوە ئەنجام بدات ئەوا پێویستی بە ڕووبەرێکی فراوانتر دەبێت.

# کەرەستەی بیناکاری

کەرەستتەی بیناکاری دابەش دەبێتە دووجۆر: ١ - سرووشتی ٢ - دەست کرد

ئەوەی یەکەمیان: لە زەوی دەردەهێنرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بیناکاری بەکار دەهێنرێ.وەکو گڵ،قوڕ،بەرد، دار، پوش.

لە کاتێکدا ئەوەی دووەم:بریتیە لەو کەرستە بیناکاریە دروستکراوانەی وەکو بلۆک ، کەرپوچ ، چیمەنتۆ ، گەچ ،شوشە،شیشە..هتد.

سروشتی نشینگەی لادێیی پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە:

1- بەردەستبوونی کەرەستەکە.

2-ئاستی ئابوری مرۆڤ.

3- شێوازی خۆبژێوی.

4-مەبەست لە بیناکردن.





# پێکهاتەی وەزیفەی نشینگەی لادێیی

وەزیفەی نشینگەی لادێیی ڕەنگانەوەی ڕاستی پسپۆریەتی ئابوری و کۆمەڵایەتییە:

١- بریتییە لە شوێنی حەوانەوە و دالدەدانی مرۆڤ.

٢- لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئارامی و جێگیری لە چەرخی نوێدا پاراستن بەمانا کۆنەکەی هیچ بەهایەکی نەما.

٣- لە کاتی ئێستادا سەنتەرەکانی دێنشینی لەپاڵ پیشەی نیشتەجێبوون پیشەی دیکەیان هەیە وەک خزمەتگوزاریەکان لەوانەش (قوتابخانە ، بنکە تەندروستیەکان ، بنکە کارگێڕیەکانی کۆمەڵایەتی و حەوانەوە) پیشەی بازرگانی و پیشسازیەکان ئەویش بەگوێرەی پێشکەوتنی شارستانی وەستاوە.

٤- لەگوندە تازەو نەخشە کراوەکانیش, پلان دانەران ڕەچاوی دامەزراندنی خزمەت گوزاریە پێویستیەکان دەکەن لە سەنتەری گوندەکاندا, دوواتریش نشینگەکان لە دەوریاندا بونیاد دەنرێت.

# شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگەلادێییەکان

## ا- نیشتەجێی دابڕاو:

١- بەزۆری لەو شوێنانەدا بڵاوە کەوا ئامادەبوونی جوتیار پێویستە بە کێڵگەکەی.

٢- بە زۆری لە زەویەفراوانەکاندا کە موڵکداریەتی زۆر دوورە لەیەکتر بەدی دەکرێت.

٣- لێرەدا جوتیارو خێزانەکەی لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکە خانوو دروستدەکەن ئەمە جگە لە دروستکردنی شوێنی ئاژەڵ و کۆگا لە دەورووپشتی.

٤- ڕووبەری موڵکداری گەورە لێرەدا بوونی هەیە، نموونەی ئەم جۆرە لادێیە لە کەنەداو ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئوستالیاو نیوزلەنداو ئەرجەنتین هەیە.

٥- زۆری زەوی بەپیت و زۆری دارستانەکان و سەرچاوەکانی ئاو وادەکات نیشتەجێبوونی تاک و دابڕاو دروست بێت.

٦- ناوچە شاخاویەکان و بوونی زەوی پارچەپارچە تیایاندا وادەکات ئەمجۆرە نیشتەجێبوونە سەرهەڵبدات هەروەک لە بەرزاییەکانی ئەوروپا تێبینی دەکرێت بەتایبەتی لە سویسراو نەمساو بەرزاییەکانی خۆرهەڵاتی ئەفریقیا.

# شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگە لادێییەکان

## ا- نیشتەجێی دابڕاو:

**لایەنە باشەکانی ئەم جۆرە نیشتەجێبوونە :**

١- نزیکی جوتیار لە کێڵگەکەی.

٢- ئاسانی سەرپەرشتیکردنی کێڵگەکەی



**لایەنە خراپەکانی ئەم جۆرە نیشتەجێبوونە :**

١- دابڕانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

٢- سەختی گەیشتنی خزمەتگوزاریەکان.

# شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگەلادێییەکان

## ب- نیشتەجێی بڵاوەبوو:

١- ئارامی و ئاسایش فاکتەربووە بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە نشینگانە.

٢- سەرچاوەکانی ئاو و تۆپۆگرافیای جیاواز فاکتەرە بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە نشینگانە.

٣- وشکی ناوچەکان وادەکات مرۆڤ بیر لێبدات کە ئەمەش فاکتەرێکە بۆ سەرهەڵدانی نشینگەی بڵاو بووەوە.

٤- بەرەو پێشچوون لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئامرازی کشتوکاڵی وایکرد ئاسانکاری لە زەویەکشتوکاڵیەکاندا بکرێت و هانی بڵاوە بوونی نشینگەکانیش بدات.

٥- ناوچەشاخاویەکانی هەرێمی کوردستان نموونەی دیاری ئەم جۆرە نشینگانەن کە لە 60%ی نشینگەکانی لە جۆری بڵاو بووەوەیە.



# شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگەلادێییەکان



## ج-نیشتەجێی کۆبووەوە:

١- لێرەدا نشینگەکان نارێکن .

٢- نشینگەکان لێرەدا نزیکن لەیەکتر.

٣- ناوچە چیاکان و زەلکاوەکان و ناوچە وشکەکان یارمەتی دروستبوونی ئەم جۆرە نشینگانە دەدەن.

٤- لەهەمووجۆرەکانی تری نشینگەکان کۆنتروباوترە هەروەک لە لادێکانی دۆڵی ڕافیدەین و دۆڵی نیل و سند کە دواتر پێشکەوتن و بونە هۆی دروست بوونی شار.

٥-کۆمەڵێ فاکتەر یارمەتی دەربوونە بۆسەرهەڵدانی ئەمجۆرەگوندانە:

ا- ڕووبەری بچووکی زەوی . ب- بارودۆخی کارکردن . ج- پێویستی بۆ هەبوونی ئاوی تەواو.

د- فاکتەری کۆمەلایەتی.

٦- لە پەراوێزی بیابانەکاندا ئەم نشینگانە بریتین لە چەندخانوویەکی بچووک کەچی لە ناوچە دەوڵەمەندەکان بە ئاو ڕێژەیان بەرزدەبێتەوە بۆدەیان خانوو.

٧- شێوازی کشتوکاڵی چڕ دەبێتە مایەی دروست بوونی گوندی گەورەو کۆبووەوە هەروەک لە وڵاتانی (هیندو پاکستان و مصرو یەمەن)بەدی دەکرێت.

# شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگەلادێییەکان



## د- نیشتەجێی هێڵی :

١- لێرەدا خانووی گوندەکان درێژ دەبنەوە بە درێژایی ڕێگاکان و ڕووبارەکان و کەنارەئاویەکان.

٢- باشترین نموونە گوندەکانی ڕۆخی ڕووبارەکانی دیجلەو فورات و نیلە.

٣- دۆڵە تەسکەکان کە دەورە دراون بە چیا هۆکاری دروست بوونی گووندی هێڵیە.

# شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگەلادێییەکان

**ه- نیشتەجێی پەرش و بڵاو:**

١- ئەمجۆرە بەوە جیادەکرێتەوە وەکو ئەوەی کە گوندەکانی دوورن لەیەکتر و بڵاون لەسەر پانتایی هەرێمەکە.

٢- ئەمجۆرە نیشتەجێبوونە شوێنێکی نارێکی هەیە.

٣- وەک جۆری بڵاوبووەوەیە بەڵام ئەم ڕووبەرە دابەشبوونەکەی فراوانترە.

٤- ئەمجۆرە زیاتر لە ناوچە شاخاویەکان و ناوچە ووشکەکاندا باوە.

٥-بارودۆخی تایبەتی یارمەتی دروستبوونی ئەمجۆرە نشینگانە دەدات لەوانە:



ا- بوونی زەوی کشتوکاڵی پچڕ پچڕ.


ب- کەمی سەرچاوەی ئاوو بێهێزی خاک.

ج- زۆری باران و زۆری ڕووبەری ئاوی.

د- هەستکردن بە ئارامی وئاسایش.

# وانەی داهاتوو:




سوپاس